# چیرۆکە گونجاوەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان

د. مزەفەر مستەفا ئیسماعیل
(زانکۆی سۆران- فاکەڵتی پەروەردە)

( ١- ٢ )

**پوختە**

مەبەست لە چیرۆکی منداڵان ئەو ژانرە ئەدەبییەیە، کە پێگەیەکی گرنگی لە ئەدەبی منداڵاندا هەیە، ئەدەبی منداڵانیش بە هەموو ژانرەکانییەوە ڕۆڵێکی ئەکتیڤی لە پەروەردەکردنی منداڵاندا گێڕاوە، بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە ئامۆژگاری وشک سوودێکی وا ناداتە منداڵ کە دایک و باوک و پەروەردەکاران پێی ڕازی بن، بۆیە زانایانی بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیای منداڵان بیریان لەو بابەتە کردەوە و توێژینەوەیان کرد تا گەیشتنە ئەو ڕایەی، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەدەبەوە منداڵ پەروەردە بکرێت.

کارکردن لە دنیای منداڵ و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی، کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەوەی لەبواری پەروەردەکردنی منداڵاندا کاربکات، دەبێت شارەزایی لە دەروونناسیی منداڵاندا هەبێت، چونکە ئەگەر شارەزاییت نەبوو ئەوە هۆنراوەیەک، یان چیرۆکێک بۆ منداڵ دەنووسیت کە لەگەڵ تەمەن و ئارەزووی منداڵەکە ناگونجێت، بەم شێوەیەش منداڵ لە جیاتی پەروەردەکردنی تووشی بێزاری دەبێت.

لە دنیای ئەدەبی منداڵاندا چیرۆکی منداڵان مەیدانێکی فراوانی بەرکەوتووە، چونکە گەورەکانیش حەزیان لە چیرۆکە کاتێک یەکێک چیرۆکێک دەگێڕێتەوە پێمان خۆشە تەواوی بکات، واتە ئالوودەی ڕووداوەکان دەبین، ئەوجا ئەگەر بۆ گەورەکان ئاوابێت ئەوە بۆ منداڵان زۆر زیاترە و منداڵی تەمەن بچووک، واتە ئەوانەی لە باخچەی ساوایانن دنیای ڕاستەقینە و دنیای چیرۆک لە یەکتری گرێ دەدەن. ڕووداوەکان بەڕاست دەزانن، بۆیە دەبێت نووسەری چیرۆکی منداڵان ئاگای لە تەمەن و حەز و ئارەزووی منداڵ بێت، تا لە کارەکەی سەرکەوتووبێت. هەر لەبەر ئەوەشە ناوونیشانی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەیە (چیرۆکە گونجاوەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان).

توێژینەوەکەی ئێمە لە دوو بەش و چەند تەوەرێک پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا بایەخی

ئەدەبی منداڵان و چیرۆکی منداڵان لەگەڵ جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان ڕوون کراوەتەوە و لە بەشی دووەمیشدا تیشک خراوەتە سەر منداڵانی باخچەی ساوایان و چیرۆکە گونجاوەکان، بۆ ئەم تەمەنە باسی لێوەکراوە، دواتر کۆی توێژینەوەکە لە چەند ئەنجامێکدا خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی بۆ توێژینەوەکە سوودیان لێ وەرگیراوە.

**وشە کلیلەکان** (منداڵ، چیرۆک، باخچەی ساوایان، پەروەردە، گونجان).

## چیرۆکە گونجاوەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان

### پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (چیرۆکە گونجاوەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان)، واتە هەوڵ دراوە چیرۆکە گونجاوەکان لە پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان دەستنیشان بکرێن و جۆرەکانی ئەو چیرۆکانەی بۆ تەمەنی باخچەی ساوایان گونجاون دیاری بکرێن.

چیرۆک وەک هۆکارێکی پەروەردەکردنی مرۆڤەکان پەیدابووە، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە و لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا ڕیش سپی و مامۆستای ئایینی و دادوەرەکان پەنایان بۆ بردووە و خەڵکیان پێ ئامۆژگاری کردووە. جاران لە لادێ و ئاواییەکان شەوانی زستانیان بە گێڕانەوەی حەکایەتی فۆلکلۆری بەسەردەبرد، بەڵام زیاتر بۆ گەوران بوو، نەک منداڵان، هەرچەندە منداڵانیش بۆ خۆیان گوێیان لێ ڕادەگرت و چێژیان لێ وەردەگرت.

بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا لە ڕووی تیۆرییەوە باسی چییەتی ئەدەبی منداڵان کراوە، کە خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە لە تەوەری یەکەمدا بە گشتی باسی بایەخی چیرۆک لە ژیانی مرۆڤدا کراوە، لە تەوەری دووەمدا باسی جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان کراوە وەک (چیرۆکی داڕێژراو لە فۆلکلۆرەوە، چیرۆکی ئاژەڵان، چیرۆکی زانستی، چیرۆکی مێژوویی، چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەیی، چیرۆکی خەیاڵی زانستی، چیرۆکی گاڵتەوگەپ و چیرۆکی سروشتی.).

لە بەشی دووەمدا کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە باس لەو چیرۆکانە کراوە، کە زیاتر بۆ تەمەنی باخچەی ساوایان دەگونجێن. لە تەوەری یەکەمدا باسی دنیای منداڵانی باخچەی ساوایان کراوە، لە تەوەری دووەمدا باسی چیرۆکە گونجاوەکانی باخچەی ساوایان کراوە، کە باسی چیرۆکی ئاژەڵان و زانستی و گاڵتەوگەپ کراوە، کە ئەم سێ جۆرەی چیرۆکە لە دنیای منداڵانەوە نزیکترن، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە جۆرەکانی تر سوودیان بۆ منداڵ نەبێت، بەڵکوو ئەم چیرۆکانە بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان زیاتر لە تەمەن و ئارەزووی ئەوانەوە نزیکن، لە کۆتاییشدا گەیشتووینەتە چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکانمان ڕیزکردوون.

### بەشی یەکەم

#### تەوەری یەکەم: بایەخی ئەدەب و چیرۆکی منداڵان

بێگومان ئەدەبی منداڵان وەک هەر بابەتێکی تری پەیوەست بە منداڵ گرنگیی خۆی هەیە، چونکە وەک باسکرا ئامانجی سەرەکی لە سەرقاڵبوونمان بە ئەدەبی منداڵانەوە پەروەردە کردنێکی ڕێک و گونجاو و دروستە بۆ منداڵانمان، ((چیرۆک خەیاڵ و فیکری منداڵان دەکاتەوە، وەستایەکی دەست ڕەنگینە لە فێربوون و بناغەدانانی کەسێتی

ئەواندا، بۆیە زوو بەپەردەی دڵیانەوە دەنووسێ و دەبێتە چراوگەی ناو هەست و دەروون، بێجگە لەوەش منداڵان لە خوێندنەوە و بیستنی چیرۆک هەناسەی ئۆخەی دەدەن و ئەو خەوش و خار و حەژمەتەی ناو دەروونیان هەیە بە بای دەدەن و ناو هەناویان دەشواتەوە.)) (هەورامی، ٢٠٠٧: ١٣)، واتە کە دەقێکی شیعری، یان چیرۆکێک بۆ منداڵ دەنووسین بۆ ئەوەیە کە لەم ڕێگەیەوە وانەیەکی پەروەردەییان فێربکەین، چونکە وەک دەرکەوتووە چیرۆک بۆ منداڵان سوودی بۆ دامەزراندنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو هەیە لە دواڕۆژدا، بێ ئەوەی لە بەرانبەر خۆمانی دابنێین و بکەوینە ئامۆژگاری کردنی و دواتر وەڕسبوونی لەم هەموو فەرمان و بکە و مەکەیە. بێجگە لە سوودی پەروەردەیی ئەدەب و چیرۆکی منداڵان ئەم سوود و گرنگییانەشی هەیە:

١ - دروستکردنی کەسایەتییەکی جوان و نەرمونیان و باوەڕ بە خۆبوو لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەدەبی منداڵانەوە، واتە ئەگەر منداڵێک دەقی ئەدەبی و چیرۆکی منداڵانی بۆ خوێنرایەوە، یان خۆی خوێندییەوە، ئەوە لە ڕێگەی کەسایەتی و ڕووداوەکانی ناو دەقەکەوە ڕێنمایی ژیان وەردەگرێت و لە دواڕۆژدا سوودی لێ دەبینێت.

٢- منداڵ لە ڕێگەی ئەدەبی منداڵانەوە عەقیدە و بیروباوەڕی ئایینی لەلا بەهێز دەبێت، بە تایبەتی لە ڕێگەی چیرۆکی ئایینی وەک: چیرۆکەکانی یووسفی ڕاستگۆ، ئیسماعیلی بەوەفا، ...تاد.

٣- منداڵ لە ڕێگەی ئەدەبەکەیەوە ئارەزووی خوێندنەوەی لەلا دروست دەبێت، بە تایبەتی لە قۆناغی دواییدا، واتە دوای هەشت ساڵی کتێبی چیرۆک، هۆنراوە، زانیاری گشتی دەخوێنێتەوە.

٤- ئەگەر منداڵ ببێتە خوێنەری چیرۆک و بابەتەکانی تر، ئەوە زمانی پاراو دەبێت و زووتر ناو و ئاوەڵناو و یاساکانی زمان فێردەبێت.

٥- منداڵ لە ڕێگەی ئەدەبەکەیەوە شارەزایی لە کولتووری خۆی و گەلانی دەوروبەری خۆیشی پەیدا دەکات.

**- تەوەری دووەم: جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان**

توێژەر دەتوانێت چیرۆک بە پێی شێوە و بە پێی ناوەرۆک دابەش بکات، بۆ نموونە ئەگەر بە پێی شێوە چیرۆک دابەش بکەین دەڵێین (چیرۆکی درێژ، چیرۆک، کورتە چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، پۆستەرە چیرۆک... تاد.)، بەڵام ئەم دابەشکردنە زیاتر بۆ چیرۆکی گەورانە، نەک منداڵان، بۆیە ئەوەی لەگەڵ دابەشکردنی چیرۆکی منداڵان دەگونجێت ئەوەیە کە بەپێی ناوەرۆک دابەشی بکەین، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ - چیرۆکی داڕێژراو لە فۆلکلۆرەوە: بەو جۆرە چیرۆکانە دەگوترێت کە چیرۆکنووس سوود لەحەکایەتی فۆلکلۆری وەردەگرێت و دایاندەڕێژێتەوە بە جۆرێک کە سوودی زیاتر بە منداڵەکان ببەخشێت. ((فۆلکلۆر گرنگییەکی زۆری لە پەروەردەی نەتەوایەتی و وەئاگەهێنانی ئەندێشە و کارکردنە سەر دەروون و ئاوەزی منداڵ هەبووە. ئەدەبی فۆلکلۆری کورد تاکە ڕەنگدەرەوەی سامانی ڕوحی گەلە)) (ئەحمەد، ٢٠٠٥: ٨)، واتە بۆ گەڕانەوەی مەسەلە نەتەوایەتییەکان پێویستە بۆ فۆلکلۆری نەتەوەکەمان بگەڕێینەوە. زۆرن ئەوانەی کە لەم بوارەدا کاریان کردووە و ئەم جۆرە چیرۆکانەیان بەرهەم هێناوە، دەتوانین بڵێین زۆربەی چیرۆکنووسانی منداڵان ئەم کارەیان کردووە، گەڕاونەتەوە بۆ فۆلکلۆر و ئەو چیرۆکانەی لە داپیرە و باپیرەی خۆیان و بەساڵداچووان بیستوویانە جارێکی تر بەشێوازێکی هونەری دایانڕشتووەتەوە، وەک ئەوەی برایانی گریم لە ئەڵمانیا کردییان.

**٢- چیرۆکی ئاژەڵان:** بەو جۆرە چیرۆکانە دەگوترێت کە کەسایەتییەکانی ئاژەڵن، ئەم جۆرەیان زۆر کۆنە، لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام فرەخواوەندی هەبوو، کە هەندێکیان ئاژەڵ بوون، وەک (زیۆس)ی یۆنانی هەڵۆ بووە، هیرا مانگا بووە، هەندێکیش نیوە مرۆڤ و نیوە خواوەند بووە، وەک گلگامش ئەم خواوەندانە ڕێزیان لێ گیراوە و قوربانییان بۆ کراوە، زۆرجار قوربانییەکەش مرۆڤ بووە. ((چیرۆکی ئاژەڵان لەهەموو دنیا بڵاو بووەتەوە و بەشێکی گەورەشی لە ئەدەبی منداڵاندا پێکهێناوە. دریغی لە بڵاوکردنەوەی لە کتێب و گۆڤارەکان نەکراوە، هەر بەوەندەش نەوەستاوە، بەڵکوو بازی بۆ شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆنن و ڕادیۆ داوە))، (الهیتي، ١٩٨٨: ١٩)، واتە چیرۆکی ئاژەڵان تەنیا وەک چیرۆک نەماوەتەوە بگێڕدرێتەوە و تەواو، بەڵکوو بەشێوازی تر سوودی لێ وەرگیراوە، وەک شانۆ و سینەما، کە منداڵ لە وەرسبوون لەیەک جۆری ئەدەب دوور دەخاتەوە، لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ حەکایەتی زۆر هەیە، کاتێک مرۆڤ هاتووەتە سەر زەوی ئاژەڵی بینیوە و لێی ترساوە، ئاژەڵیش وەک میوان سەیری مرۆڤی کردووە، هیچیان متمانەیان بە یەکتری نەبووە. لەم نێوانەدا هەزاران حەکایەت و بەیت و باڵۆرە و بەرهەمی ئەدەبی و مرۆڤایەتی دروستبوون، .وەک حەکایەتەکانی (ئیزۆپ)ی یۆنانی، کەلیلە و دیمنە و هەزار و یەک شەوە و میکی ماوس و چەندانی تریش.

**٣- چیرۆکی پاڵەوانێتی و گیانبازی:** منداڵان خۆیان بە پاڵەوانەکان و چیرۆکەکانیانەوە دەبەستنەوە، هۆگری منداڵ بۆ پاڵەوانێتی گیانبازی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەپێش تەمەنی هەرزەکاریدا بە دوای بوونی خۆیدا دەگەڕێت، بەڵام بۆ ئەم بابەتە هیچ پێوەرێکی بابەتیشی لەبەر دەست نییە، بۆیە کە بەرانبەر وێنەیەک دەوەستێت و حەزدەکات قسەی لەگەڵدا بکات و خۆی بەم بچوێنێت. ((ئەم جۆرە چیرۆکە پشت بە هێز و ئازایەتی، یان لەخۆبوردن و شتی سەرسوڕهێنەر دەبەستێت، هەندێک لەو چیرۆکانە نە واقیعین و نە خەیاڵی، وەک چیرۆکە پۆلیسییەکان کە باسی ڕاونانی دز و جەردە و تاوانباران دەکەن. چیرۆککەلی پاڵەوانێتی، ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕن لەوەی منداڵ هەست بەخەم و پەژارە نەکات و وایان لێ دەکات زیرەک و ئازابن بەرانبەر گیروگرفتەکان.)) (الکعبي، ٢٠٠٨: ٢٠٤)، دەبێت ئاگامان لەوە بێت زۆر جار چیرۆکی پۆلیسی توندوتیژی و کوشتن و بڕینێکی یەکجار زۆری تێدایە، ئەوە بۆ منداڵ باش نییە، چونکە هەندێک منداڵ لاسایی فیلمەکان دەکەنەوە. منداڵان، یان لاسایی باوکیان دەکەنەوە، یان لاسایی مامۆستاکانیان، یان لاسایی خەڵکی دوور لە خۆیان دەکەنەوە، کە ڕەنگە لە فیلمەکان، یان لە گۆڤارەکاندا بەر چاویان کەوتبێت و گوێیان لە چیرۆکەکانیان بووبێت.

لە بارەی بایەخی نموونەی باڵا لە وڵاتانی ئەوروپا بۆ هەر شوێنێک بچیت پەیکەری ڕیچارد، فلۆرەنس، چرچل ... تاد لە موزە و شوێنە گشتییەکان بەرچاو دەکەون، منداڵیش بە شتی بەرجەستە کاریگەرە و لە ڕێگەی چاوەوە هەست بەشتەکان دەکات، بۆیە دەپرسێت کە ئەمانە کێن و چین؟.

دایک، یان باوک، یان مامۆستاکەی وەڵامی دەداتەوە، کە ئەو کەسە فڵانە کەسەیە و پێناسەی دەکات، منداڵەکەش بە ئاسانی ئاشنای ئەو کەسایەتییە مێژووییە، یان زانستییە دەبێت و زانیاری لەسەر پەیدا دەکات، هەر ئەمەش وای کردووە، کە گیانی ئیستیعماری بە ئاسانی لە

دڵ و دەروونی منداڵانی ئەوروپا لانەچێت. کاتێک پەیکەری هیتلەر، یان ناپلیۆن دەبینن شانازی پێوە دەکەن. هەروەک گیانی بەرگری لە دڵی منداڵانی کورد، یان فەلەستینی لاناچێت، چونکە کەسایەتییە ناودارەکانی میللەتانی ژێردەست هەمیشە لە خەبات و تێکۆشان و بەرگریدا بوونە بۆ سەربەرزی وڵاتەکەیان.

چیرۆکی پۆلیسی یەکێکە لەو جۆرە چیرۆکانەی کە بە چیرۆکی پاڵەوانێتی ناسراون. کاتێک پۆلیسێک بە دوای تاوانبار و دزەکان دەکەون و دەیانگرن، لە کاتی ڕاوەدوونانیان ئۆتۆمۆبێل و چەک و ئامێری زانستی بەکاردەهێنن و هیچ ماندوو نابن، ئامادەن بۆ قوربانیدان.

چیرۆکی پۆلیسی لەبەر ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکان، منداڵان زۆر حەزی لێ دەکەن و ئالوودەی کۆتاییەکەی دەبن. زۆر جاریش منداڵان خۆیان دەزانن کۆتاییەکەی چی بەسەردێت. شارەزایانی ئەو بوارە پێیان وایە کە دەبێت کەسایەتیی سەرەکی لەم جۆرە چیرۆکانەدا یەک شێوەی هەبێت نەک لە سەرەتاوە جۆرێک بێت و لە کۆتاییەکەیدا زۆر بگۆڕێت.

لە کۆتایی ئەم جۆرە چیرۆکەدا دەڵێین، کە ئەم جۆرە چیرۆکە بایەخێکی زۆری بۆ پەروەردەی منداڵ هەیە و پێویستە گرنگیی زیاتری پێ بدرێت، بە تایبەتی بۆ گەلێکی وەک ئێمە کە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەدایین و دوژمنێک دەڕوات و یەکێکی تر دێت، لە ماوەدواش پێویستیمان بە شەڕێکی فیکری هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندوتیژی بۆ ئەوەی منداڵانمان لە هەڕەشەی تیرۆر و تۆقاندن بپارێزین.

**٤- چیرۆکی گاڵتەوگەپ (القصص الفكاهية):**

منداڵان زۆر حەزیان لە چیرۆکی گاڵتەوگەپە، تا ڕادەیەکی وا بگاتە ئەوەی شێت و شەیدای ببن، پێکەنین نەک تەنیا بۆ منداڵ، بەڵکوو بۆ گەورانیش سوودی بایۆلۆجی و دەروونی هەیە و مرۆڤی گۆشەگیر و غەمبار هەر زوو ژیانی دەبێتە ناخۆشی، زانایانی دەروونناسیی منداڵان دەڵێن: ئەگەر منداڵ بگریت، ڕەنگە نەخۆش بێت، یان برسی بێت، یان ترسێکی هەبێت، بەڵام هۆکاری پێکەنینی منداڵ هێشتا بە تەواوی ڕوون نەبووەتەوە، ((گاڵتە ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکان، کە پێویستە لە ناو نووسینەکانی منداڵاندا هەبێت، پێویستە چیرۆکنووس چێژ لە بەهرەی نووسینی گاڵتە وەربگرێت، سەرباری بەهرەی نووسینی ئەدەبی لەوانەیە چیرۆکنووس بخرێتە ناو بیرەوەرییەکانی ژیانی منداڵی خۆیەوە))، (السراج، ٢٠٠٢: ٢٥)، کاتێک گوێ لە چیرۆکێکی خۆش دەگرین، ئەگەر وێنەی ئەو چیرۆکە لە ژیانی منداڵیماندا هەبووبێت ئەوە زیاتر کارمان تێدەکات، چونکە منداڵیی خۆمان بیردێتەوە.

منداڵ هەردەم ئامادەییەکی باشی تێدایە بۆ پێکەنین، بۆ نموونە کاتێک پشیلەیەک دەبینێت لە باڵەخانەیەکی بەرز بەردەبێتەوە، منداڵەکە چاوەڕوان دەکات، کە بمرێت، بەڵام دەبینێت دەکەوێتە سەر قاچەکانی و ڕادەکات، یەکسەر منداڵەکە زۆر پێ دەکەنێت و زۆری پێ سەیر دەبێت، ڕاستییەکەی چیرۆکی گاڵتەوگەپ و فیلمی کۆمیدی و سەیروسەمەرە تەنیا بۆ خۆشی و پێکەنین نییە، بەڵکوو وا لە منداڵان دەکات کە بیربکەنەوە، واتە ئەم جۆرە چیرۆکە لە لایەکەوە خۆشی و پێکەنین دەخاتە دڵ و دەروونی منداڵان و لەلایەکی تریشەوە بنەماکانی ئاکاری جوان لە دڵیاندا دەچێنێت و لە ڕووی زمانیشەوە پاراوییان فێردەکات.

زانای دەروونناسی (مەکدوگال) جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی لە نێوان پێکەنین و سۆزی ویژدان هەیە، هەڵچوونەکان لە ژیانی کەسەکاندا

ڕۆڵـی سـەرەکی لـە ژیانـی دەروونیـدا دەبینـن، بۆیـە سروشـت ڕێگەیەکـی بایۆلۆجـی دۆزیوەتـەوە بـۆ ڕزگاربـوون لـە ناخۆشـی و ئازارەکانـی ژیـان کـە ئەویـش پێکەنینـە، کەواتـە پێکەنیـن وەک دەرمانـی بەرگـری وایـە بـۆ لـەش و دەروونـی مـرۆڤ.

قارەمـان و پاڵەوانـی چیرۆکـی گاڵتەوگـەپ لـە جیهانـی ئەوروپـی و عەرەبـی و کوردیـدا زۆرن، وەک چارلـی چاپلـن لـە ئەوروپـا، کـە ڕاسـتییەکەی ئـەو هەژارێکـی ئەڵمانیـا بـوو، وەک خـۆی دەڵێـت: هـەر کاتێـک لـە نمایشـێکمدا تراژیدیاکـە گەورەتـر بـا، خەڵکیـش زیاتـر پێدەکەنیـن، ئەمـە نموونـەی کەسـێکە لـە ڕێگـەی کۆمیدیـاوە ژیانـی خـۆی گۆڕیـوە. لـە ئەدەبـی عەرەبیـدا (جوحـا) هەیـە کـە لەنـاو ئێمـەی کـورد بەمـەلای مەشـهوور، یـان مـەلای مەزبـوور نـاوی دەرکـردووە، هەندێـک کـەس گومانیـان لەبوونـی ئـەو کەسـایەتییە هەیـە، چونکـە لـە نـاو گەلانـی ڕۆژهەڵاتـدا بـڵاوە و هەرکـەس بـە هـی خـۆی دەزانێـت، بەسـەرهاتەکانی مـەلای مەشـهوور زۆرن و پـڕن لـە پێکەنیـن و عەقـڵ و ژیـری، هەندێـک جـار زۆر زیـرەک و بـە سـەلیقەیە، هەندێـک جاریـش زۆر بـێ سـەلیقە و کـەم عەقڵـە، لـە یەکێـک لـە بەسـەرهاتەکانیدا (مـەلا مەشـهوور دەیەوێـت بچێـت گوێدرێژێـک بکڕێـت، لـە ڕێگـەدا دوو دز کەرەکـەی لـێ دەدزن و یەکێـک دەچێتـە شـوێنی کەرەکـە و هەوسـارەکە لەسـەری خـۆی دەکات، کـە مـەلا ئاوڕدەداتـەوە یەکسـەر دزەکـە دەسـت بـە گریـان دەکات و دەڵێـت جەنابـی مامۆسـتا مـن بـە گوێـی دایکـم نەدەکـرد، بۆیـە دوعـای لـێ کـردم و بـووم بـە کـەر، بـەڵام لەبـەر گەورەیـی و تفەڕکـی تـۆ بوومـەوە مـرۆڤ، مـەلا کابـرا بەرەڵـڵا دەکات و پێـی دەڵێـت لـە گوێـی دایکـت دەرنەچیـت، ئەویـش بەڵێنـی پـێ دەدات، کاتێـک دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی گوێدرێژێکـی تـر بکڕێـت تەماشـا دەکات کەرەکـەی خـۆی لەوێیـە یەکسـەر دەچێتـە بـن گوێـی کەرەکـە و پێـی دەڵێـت: ئـەی پێـم نەوتـی بـە گوێـی دایکـت بکـە، بەخـوا جارێکـی تـر ناتکـڕم)، (عیسـی، ٢٠٠٧: ٣٣٠ - ٣٣١).

((لەمەیدانـی قارەمانـی مێژوویـی گاڵتەوگەپـی هاوبەشـی نەتەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا، قارەمانێکـی تـری گاڵتەوگـەپ بەناوبانگـە کـە لەنـاو خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـدا بـە (بەهلـوول) نـاوی دەرکـردووە. لەنـاو کوردیشـدا بەهلـوول و قسـەکانی هـەر بەناوبانگـن، کوردیـش کـە باسـی بەهلـوول دەکـەن وای دادەنێن کە برایەکی شـێتی هاروونـە ڕەشـید بـووە. لـەلای هەندێـک کـەس بەهلـوول شـێواندنێکی شەخسـییەتی ڕاسـتەقینەی شـاعیری ناسـراوی عـەرەب (ئەبـوو نەواس)ـە، ((ڕەسـوول، ١٩٧٩: ١٨٧))، ئـەو کەسـایەتییە کۆمیدییـە هـەر کەسـێک بووبێـت بـۆ ئێمـە گرنـگ نییـە، ئـەوەی بـۆ منداڵان گرنگـە ئەوەیـە کاتێـک گوێیـان لـەو بەسـەرهات و قسەخۆشـانە دەبێـت، زۆر پێدەکەنـن و چێژێکی زۆری لـێ وەردەگـرن، بێجگـە لـەو قارەمانانـەی گاڵتەوگـەپ، کـە بـاس کـران قارەمانـی تریـش هـەن وەک (مسـتەر بیـن، ئەحـەی کرنـوو، لالـە سـەرحەد، خاڵـە ڕەجـەب) و زۆری تریـش.

بـەم شـێوەیە دەبینیـن کـە چیرۆکـی گاڵتەوگـەپ بێجگـە لـە پێکەنیـن سـوودی خـۆی هەیـە، بۆنمونـە ئەگـەر منداڵێـک ئـەم چیرۆکـە بخوێنێتـەوە تێدەگات کـە مـەلای مەشـهوور کەسـێکی گێـل و کـەم عەقڵـە، لـە نەزانینـی و کارە گێلەکانـی ئـەو فێـری عەقـڵ دەبێـت.

**٥- چیرۆکی زانستی (القصص العلمية):**

چیرۆکـی زانسـتی یەکێکـی تـرە لـە جۆرەکانـی چیرۆکـی منـداڵان لـە ڕووی مەبەسـت و ناوەڕۆکەوە، ئەرکێکـی گـەورەی لەسـەر شـانە بـە پێدانی زانسـت و زانیـاری بـە منـداڵان، بـۆ ئـەوەی لـە دواڕۆژدا منداڵان لە زانسـت و زانیـاری تێرکرابن، ((چیرۆکی زانسـتی ئـەو چیرۆکانـەن، کـە تایبەتمەندییەکانـی گـەردوون و دیاردەکانـی نیشـان دەدەن، وەک شـەو

و ڕۆژ و چوار وەرزەکان و ئەو دیاردە نامۆیانەی کە لەو چوار وەرزەدا ڕوودەدەن.

منداڵ بە سەرسوڕماوی دەوەستێت، پرسیار لەو دیاردانە دەکات، چیرۆکی زانستی دێت بە شێوەیەکی ورد و زانستی وەڵامی پرسیاری منداڵان دەداتەوە، وای لێ دەکات بگاتە حەقیقەتێکی ئەو دیاردانە بە شێوازێکی چیرۆکی ناڕاستەوخۆ وای لێ دەکات لە حاڵەتێکی خەیاڵی بێت کە دەرککردن و زانیارییەکانی فراوان دەکات.))، (الكعبي، ٢٠٠٨: ٢٠٠)، جیهان لەبەر چاوی منداڵان نامۆیە کارەسات و ڕووداوەکان شینبوونی دار و درەخت، ژیانی ئاژەڵ و لەدایکبوون و زۆربوونیان چۆنە و چییە؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تر مێشکی منداڵانی سەرقاڵ کردووە. خۆشەویستی بۆ زانین و دۆزینەوە بەنرخترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە، جیهانیش ناوەستێت هەتا کەسانێک هەبن بپرسن و بڵێن بۆچی؟ لەبەرچی؟ چ دەبوو ئەگەر وابوایە؟ چەندان پرسیاری تریش.

زاناکان بۆیان دەرکەوتووە کە شەیدابوونی زانین دەتگەیەنێتە داهێنان، ئەم پاڵنەرە لای منداڵ بەدی دەکرێت، تەنانەت ئەوانەی هێشتا فێری قسەکردن نەبوونە، ئەوانە تا گەورەتریش ببن پرسیارەکانیشیان ئاڵۆزتر دەبن، بۆیە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان ئەرکێکی پەروەردەییە و نابێت فەرامۆش بکرێن.

زۆربەی چیرۆکی زانستی لە شێوەی گفتوگۆدان، واتە چیرۆکنووس لە شێوەی گفتوگۆیەکدا زانیاری بە منداڵ دەدات لە بارەی سروشتی ئاژەڵ و پەلەوەر و گیاندارە ئاوییەکان و دارستان، چۆنیەتی ڕواندنی گوڵ و گەورەبوونی و تا دەگاتە وەرگرتنی زانیاری لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیان. یەکێکی وەک کامل گەیلانی چەندان چیرۆکی لەم شێوەیەی نووسیوە وەک (خێزانی سمۆرەکان، زۆردارەکەی دارستان، جاڵجاڵۆکەی غەمبار) لە چیرۆکی دواییدا لەسەر زمانی جاڵجاڵۆکەیەکی نێر کە قسە بۆ سێ منداڵی هاوڕێی خۆی دەکات باسی سروشتی ژیانی جاڵجاڵۆکە دەکات و دەڵێت: ((ئێمەی جاڵجۆڵۆکە لە ١٠ تا ١٠٠ هێلکە دەکەین، لەوانەیە هەندێک لە مێیەکانمان تا ٨٠٠ هێلکەش بکەن، وەک مرۆڤ ناتوانین چاومان بجووڵێنین، بۆیە خوای گەورە چەندان چاوی بە ئێمە بەخشیوە، بۆ ئەوەی هەموو شوێنەکان ببینین))، (عیسی، ٢٠٠٧: ٣١٥)، بەم شێوەیە کۆمەڵێک زانیاری بەسوود دەگاتە منداڵ، (لەتیف هەڵمەت)یش لە چیرۆکێکی خۆیدا لەسەر چۆنیەتی خواردنەوەی ئاو لەلایەن گوڵەوە زانیاری دەداتە منداڵ و دەڵێت: (- شالا: ئەوە کێ بوو داوای ئاوی کرد. دایکە تۆ بووی؟

- دایک: نەخێر.
- باوکە تۆ بووی؟
- باوک: نەخێر، لەولاوە دەنگێک هات و گوتی: منم من کە سەیری کرد ئینجانەیەک قسە دەکات.
- ئینجانەکە: تۆ چەند ڕۆژە منت لێرە چاندووە، بەڵام ئاوت پێ نەداوم.
- شالا: ئاخر تۆ خۆ دەمت نییە هەتا ئاوت پێ بدەم.
- گوڵ: تۆ ئاو بێنە بەسەر خاکی ئینجانەکەیدا بکە، من لە ڕێگەی ڕەگەکانمەوە ئاو دەخۆمەوە)، (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٣٢)، بەم جۆرە منداڵ لە ڕێگەی چیرۆکی زانستییەوە دەگاتە کۆمەڵێک زانیاری کە پێشتر نەیزانیبوون.